





# نەزار قەبانی: منداڵیم کلیلی کەسایەتی من و ئەدەبەکەمە، لە هەر بازنەیەکی تر بناسرێم هەڵەیە

ئا: شێرزاد هەینی

ئەو دەستەواژەیە، لە بەرنامەی توێژینەوەی نەفسی ئەدەبی تازە و نامۆ نییە، توێژەرەوان وا دەزانن سەرچاوەی داهێنانی ئەدیبەکان لە منداڵییەوە چەکەرەی کردووە، ئەوەش دەڵێن کەوا کەسایەتی هەموو کەسێک وەسایە، نەک تەنها داهێنەرەکان. بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵیی شاعیری گەورەی عەرەب نەزار قەبانی دوو جۆرە، منداڵییەکی هوشیار و یەکێکی تری ناهوشیارییە، هەستە هوشیارەکانی لە کتێبی "قصتی مع الشعر"دا باس کردووە، بەڵام کەسایەتی ناهۆشیارییەکان دەکرێ توێژەرەکان کاری لەسەر بکەن و زۆرتر لەسەر سەردەمی زارۆکیی ئەو بکۆڵنەوە.

## نەزار و ژن وەک دایک

نەزار کە شیعری بۆ ژنە دۆستەکان نووسیوە، وەک دایک مامەڵەی لەگەڵ کردوون، بە "ئەی گچکەکەم"، "ئەی ساواکەم" ناوی هێناون، وەک دایک قسەی لەگەڵ کردوون. لە چامەی (خمس رسائل الى أمي)دا دەڵێن:

ئەو ژنانەی من ناسیومن، منیان تێر نەکردووە، سۆزیان زۆر نەبووە، چونکە نەیاندەزانی قژم دابێنن، نەیاندەزانی لە بوارەکان دەستم بگرن، من ژنانم لە وڵاتانی هیند و سند بینیوە، لە نازدارەکانی ئەورووپادا ژنانم ناسیوە، ئینجا بەردەوام هەستم بەتەنهایی و نامۆیی کردووە، لەوانە رووبەڕووی سۆزی چیمەنتۆیی و دارین هاتووم، کوانێ ئەو ژنەی لە رووتیدا داتدەپۆشێ، لە برسیەتی پارووی شیرینت بۆ دەکات، لە وەحشەتدا دڵت دەداتەوە..؟ کوانێ ئەو ژنانە..؟

**(لە هیند و لە سند و لە جیهانی زەردەکانا**

**گەڕام**

**لەو وڵاتانە ژنێکم نەدۆزییەوە،**

**قژە زەردەکەم دابێنێت**

**لەناو جانتاکانیاندا شەکرلەمەیەکم بۆ دەربهێنێت).**

نەزار کە ئەو شیعرەی لە مەدریدەوە ناردووە، کارمەندی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی بووە، تەمەنی گەیشتبووە چل ساڵ، ئەو تەمەنەش لە لای زانایانی سایکۆلۆژی بەتەمەنی تەنگژەی نیوەی تەمەن ناو دەبەن، لەو تەمەنەدا هەموو کەس چاو لە دواوەی خۆی دەگێڕێت و دەیەوێ لە زەمەنە هەڵوەریوەکەی هەندێ شت هەڵگرێتەوە. لەو دەمانە ئەو ٢٠ ساڵە لە ماڵەوە دەرچووە، لە دایکی دوورە، لەو ماوەیەدا باوکی مردووە، کە خوێندنی یاسایی تەواو کردووە و لە کاری دبلۆماسی زۆر گەڕاوە، لە سەفارەتی سووری لە قاهیرە بوو، لە لەندەن کاری کردووە، لە تورکیا و لە لەندەن و لە فەڕەنسا و لە ئەڵمانیا و لە بەلژیکا و لە سوید و لە دانیمارک و لە چین و لە ئیسپانیا ماوەتەوە، لەدواییدا لە بەیروت گیرساوەتەوە، لەو ماوەیەدا زۆر لە دایکی خۆی دابڕاوە و زووش ژنی هێناوە و دوو کوڕیشی هەبووە. پاش ئەو هەموو دوورکەوتنەوەی لە دایکی شیعری سۆز و ئارامی نووسیوە، کە لە پرۆسەی یەکەمی هاوسەرگیرییەکەی هەرەسی هێناوە، لەدوای ئەزموونی زۆری بەژنانەوە، لە

مانەوەی ماوەیەکی زۆریش و دووبارە ژنهێنانەوەی، هەموو وای لێ کردووە دووبارە ببێتەوە بەمنداڵ و پێویستی بەسۆزی دایکی هەبووبێت، بۆیە بەدایکی دەڵێ:

**چۆن دەکرێ من ببمە باوک، هێشتا خۆم منداڵم.**

کە خوشکەکەی لە ئاکامی ئەزموونێکی سەرنەکەوتووی دڵدارییدا خۆی کوشتووە، زۆر باندۆری لەسەر گەورەیی ژن و دایک لا دروست بوو، کە پاکی و پیرۆزی "ویصال"ی خوشکی دیوە، دەگاتە ناو سۆز و عاتیفەی سووتان و غەریبی بۆ دایکی.

نەزار دەڵێ من ژنێک دەخوازم مەرجی دایکایەتی پێوە بێت، وەک پەروەردە و پارێزگاری و بایەخدان. ئەو وەک کێشکەیەک لەسەر جۆخینی خۆشەویستی بۆ ئەڤین دەگەڕێ، بۆیەش وتوویەتی:

**(چەند سەدەیە من پێویستم بەژنێکە خەمگینم بکات**

**ژنێکم دەوێ لەسەر باسکەکانی ئەودا وەک کێشکە بنووم).**

توێژەر میشال ماتیو وادەزانێ کێشکەکە ڕەمزێکە لە جیهانی ئەدەب گوزارشت لە گەڕانەوەی سۆزی دایک یان یەکێکی وەک دایک دەکات. نەزار منداڵە و بۆ باوەشی دایکی دەگرێت، چونکە هەر دایکە یاریی لەگەڵ دەکات و باش دەیخافڵێنێت، کە دەڵێت:

**(شاهیدی دەدەم هیچ ژنێ وەک تۆ باش یاری لەگەڵدا نەکردووم،**

**هەر تۆ بوویت منت بردە باخچەی ساوایان،**

**هیچ ژنێ منی وەک منداڵی دوو مانگە مامەڵەی لەگەڵدا نەکردووم، بێجگە لە تۆ،**

**تەنها تۆ بوویت شیری کێشکە و گوڵ یاریت بۆ من هێناوە).**

***

## بەلقیس.. دایکی بەدیل:

نەزار لە تەمەنی ٥٥ساڵییدا ئەو چامەیەی نووسیوە، ئەوەش بەگوێرەی رامانی توێژەرەکان دیاردەیەکی ئاساییە، چونکە هەرچەند بنیادەم بەتەمەن گەورەتر بووە، زۆرتر هەست بەترس و لاوازی دەکات، هەست دەکات دەبێ یەکێک هەبێ یارمەتیی بدات، ئەوەشیان رەوشێکە لەناو خودی منداڵاندا هەیە، منداڵ بێدەسەڵاتە و پشتیوانی و دەستی کۆمەکی دەوێت، ئەوەشیان پاش مردنی "توفیق"ی کوڕی هاتەوە، کە لە ئەنجامدا تووشی تەنگژەیەکی دڵ هاتبوو.




ئەوەی لە بەرهەمەکانی ئەو سەردەمانەی ئەو بکۆڵێتەوە هەست دەکات نەزار لاواز و نەخۆشە، بەردەوام لە خۆشەویستەکانی دەپارێتەوە تا ئەوان بەسینگی وەنووسێن، ترسی تەنیایی و شەوانی هەیە، لەسەرما دەترسێت، ئەوەش دایک دەتوانێ ترس لە منداڵی ترساو دوور بکاتەوە. مارسیل برۆست باس لەو رەوشە دەکات و دەڵێت:

بەدرێژاییی ژیانی باسی ماچەکانی سەرسەرینی خەوتنی دایکی کردووە، کە دایک لەودەمانە لە منداڵەکەی نزیکە، لەگەڵ ئەو هەست بەئارامی و پشتیوانی دەکات.

کوا ئەو ژنەی ئارامی بکاتەوە و باوەشی بۆ بکاتەوە نوایەک بۆ پشوودان، ئەو دەڵێت:

**"شاهیدی دەدەم کە تەنیا تۆ منداڵییەکەم بۆ پەنجا ساڵی درێژ دەکەیتەوە**

**خۆشەویستەکەم تەنها لەسەر باسکی تۆدا یەکەم و دوا نێرینە پەروەردە دەکرێت".**

کە نەزار لە ساڵی ١٩٦٩ ژن دەهێنێت هەست دەکات ژنێک جێگای دایکی بۆ پڕ کردیتەوە، ئەوەش دووبارە منداڵییەکەی بۆ دەگێڕێتەوە.

هەموو توێژەرەکان دەڵێن کەسی نەخۆش وەک منداڵی بەنازی لێ دێتەوە، کە لە ساڵی ١٩٧٣ تووشی نەخۆشیی دڵ دەبێت، بەلقیسە دەیباتە نەخۆشخانە، بۆیەش ئەو نووسیویەتی:

**"بەلقیسی هاوسەرم کە منی گەیاندە نەخۆشخانە،**

**بەدەستی چەپی ئۆتۆمبیلەکەی لێ دەخوڕی،**

**بەدەستی ڕاستیشی ئارەقە ساردەکەی نێوچەوانمی دەسڕییەوە،**

**"لەناوچوونی بەلقیسی هاوسەری بۆ نەزار کارەساتێکی مەزن بوو، چونکە ئەو هاوسەر و خۆشەویست و سۆزداری بوو، ئەو بووبووە بەدیلی دایکی"**

**که لەو دەمانە وەک منداڵێکی کەوتووی ناو گۆمێکم لێ هاتبوو".**

مردنی دایکی هونەرمەندان کارەسات و برینێکە سارێژی ئاسان نییە، بۆیە کە نەزار دایکی مردووە، وتوویەتی:

**"کە دایکم مرد دوا قەمیسە خورییەکەشم نەما کە دامپۆشیت**

**ئەو دوا قەمیسی میهرەبانیم بوو،**

**ئەو دواچەتری بارانم بوو،**

**بۆیە لە زستانی داهاتوو، دەمبیننەوە لە شەقامەکاندا بەڕووتی دەسوورێمەوە".**

دووبارە بۆ مردنەکەی دایکی دەڵێ:

**"ئەی دایە،**

**خۆشەویستەکەم فائیزە،**

**تکایە ئەو مەلائیکەتانەی لەسەر ڕاسپاردەی تۆ پەنجا ساڵ منیان پاراست،**

**دووبارە پێیان بڵێ ئاگایان لێم بێت،**

**من ناوێرم تەنها بخەوم، من دەترسێم".**

کە بەلقیسی ژنیشی لەگەڵ تەقینەوەکەی سەفارەتی عیراقی لە لوبنان گیانی لەدەست داوە، بۆ ئەویش هەست بەتەنهایی دەکات، بۆیە وتوویەتی:

**"ئێمە هەرسێکمان، وەک پەرمووچەیەک لەبەر باران ماینەوە**

**من دەپرسم، تۆ بیرت لە من نەکردەوە؟**

**منیش وەک زەینەب و عومەر پێویستم بەخۆشەویستی تۆ هەیە"**

لەناوچوونی بەلقیسی هاوسەری بۆ نەزار کارەساتێکی مەزن بوو، چونکە ئەو هاوسەر و خۆشەویست و سۆزداری بوو، ئەو بووبووە بەدیلی دایکی، چونکە باش دەزانین نەزار لە ساڵی ١٩٧٣ەوە بەنەخۆشییەوە دەناڵێنێت. بەلقیس بۆ ئەو پەرستیاربوو، شانازی بەخۆی دەهات کەوا هاوسەری شاعیرێکی گەورەیە و ئامادەبوو بەردەوام خزمەتی بکات، ڕۆژانە پێویستییەکانی بۆ ئاسان و ساز بکات، بۆیە بەمردنەکەی، نەزار ژووانی چایە عیراقییەکەی نەماوە، کەلێنێک کەوتە ژیانی ئەو، بەلقیس هەموو جارێ وتوویەتی:

من سێ منداڵم هەیە، زەینەب و عومەر و نەزار.

ئەو لەسەر سەرینێکی کەسکی تەندروست بووە، دایکی زۆری خۆشویستووە، گەمە و

دیاری زۆری هەبووە، ئەوەش مانای ئەوەیە بەناز گەورە بووە، کەماسی نەبووە.

دەکرێ بڵێین نەزار لە ژیانیدا شەپۆڵی دوو قۆناغ، ئەوملا و ئەولایان پێ کردووە، سەردەمی منداڵییەکەی بەسەردەمی دەمی Stade oral کە تێدا لەباوەش و مەمکی دایک و نازەکانی زۆر بووە. لە سەردەمی کومی "پشتەوە" کە سەردەمی توندیی و دەسەڵاتە، لەبەرئەوەی زۆر لە ئەزموونەکانی لەگەڵ رەگەزی مێینەدا فەشەلی هێناوە، بۆیە دەکرێ بووترێ بەقۆناغی ئۆدیبی تێ پەڕیوە، دەلیلیش ئەوەیە، ئەو کەسە لەبەر گەرمی باوەشی دایکی، زۆر ئەزموونەکانی لەگەڵ ژندا شکستی هێناوە، دیارە کەوا لە بێ ئاگاییەوە ئەسیری کردووە و لەگەڵ ژنانی تردا زاهید بووە.

ئەو دەڵێ دایکم منی لە هەمووان خۆشتر دەویست، ژنێکی خاتوون و زۆر میهرەبان بوو، کە پرسیاریان لێی کردبوو شیعرەکانی کوڕەکەت چۆنن، ئەو لە وەڵامدا وتبووی:

مەلائیکەتی زەوی و ئاسمان لێی رازی بن، بۆیەش نزار وتبووی:

راستە دایکم رەخنەگر نەبووە، بەڵام عاشق بووە، ئەو تا حەوتی بەیانی مەمکی لە دەمی من ناوە، تا تەمەنی سێزدە ساڵی پارووی لە دەمم کردووە.

***

نەزار لە زۆربەی شیعرەکانیدا زانای وێنەکێشانی مەمک بووە، بۆیە ناویان نابوو شاعیری مەمک، دیارە مەمک سونبلی ناز و سۆز بووە، بۆیەش دیوانێکی ناوناوە "منداڵی مەمک"، هەموو ئەوانە دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵی، بۆیەش زۆر باسی مەمکی کردووە، زۆر لە سینگی دایکی مەمکی مژیوە. فرویدییەکان رایان وایە مژینی مەمکی دایک لەلایەن منداڵەوە، نموونەیەکی رەسەنی ئەڤینە، ئەوەش لە لای نەزار و هەموو منداڵێکدا هەیە. نازاندرێ درێژی و کەمی ماوەی مەمک مژین و لێکردنەوەی منداڵ لە مژینی شیری مەمکی دایک، چەند باندۆری لە ژیانی سێکسی پیاواندا هەبووە، رەخنەگرێک وتبووی:

بۆیە نەزار قەبانی زۆر باسی مەمک دەکات، چونکە بەمنداڵی زوو لە شیر کراوەتەوە، تێر مەمکی دایکی نەمژیوە، بەڵام نەزار وەڵامی داوەتەوە، کەوا ئەو زۆر درەنگ لە مەمکی دایکی کراوەتەوە، هەتا تەمەنی حەوت ساڵانیش مەمکی مژیوە.

ستۆکهۆڵم

* لە وتارێکی "خریستو نجم" کە لە گۆڤاری ئەلعربیی کوێتی یۆلیۆی ٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە، ئامادەکراوە.